## هوناس جەمال یاریزانی تۆپی فوستاڵی یانەی سەورە:

# هیوام گەیشتنە بە ئاستی میسی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستانە لە دەرەوە




وەرزش لە پارێزگای سلێمانی لە ئاستی کچان بەرەوپێشچوونێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە، کچە وەرزشکارانی ئەو شارەش بەتایبەتی لە یارییەکانی تۆپی پێی هەنگاوی باشیان ناوە و لە ئێستادا کچانی ئەو شارە بۆ تیپەکانی دەرەوەی شارەکانیان یاری دەکەن، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانیش (هوناس جەمال)ـە کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠١ی شاری سلێمانییە و پێشووتر لە یانەی ئافرۆدێت یاری کردووە، بەڵام ماوەیەکە وازی لە ریزی یانەکە هێناوە و ئەمساڵ بۆ وەرزی نوێ خولی نایابی فوتساڵی کوردستان گرێبەستی لەگەڵ یانەی سەورە کردووە، ئەو کچە یاریزانە بە ئاستە بەرزەکەی هەموو لایەکی سەرسام کردووە و خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەکەی لە هەردوو خولی نایابی فوتساڵ کوردستان و عێراقیش، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.



*** ئاستی یاری تۆپی فوتساڵ لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- تا رادەیەك پێم باشە و بەهیوای ئەوەم زیاتریش گرنگی پێ بدرێت لە شارەکانی کوردستان.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە پێش نەکەوێت؟**

- ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی کەم پێموایە دەبێتە هۆی ساردبوونەوەی یاریزانان و هەستکردنیان بە گرنگینەدان بە وەرزشەکەیان، ئەوەش کاریگەری خراپی لەسەر یاریزانان دەبێت.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی لەو یارییەش کچان بەرەوپێش بچن؟**

- پێم باشە گرنگی زیاتر بدرێت بە یاریزانان و هاوکاری بەردەوام بکرێن، هەوڵی زیاتر بدرێت بۆ مەشقکردن و گرنگی پێدانیان لە دابینکردنی پێداویستییەکان.

*** گرفتی یارییەکانی تۆپی فوتساڵ زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

- گرفتی ئەم یارییە زیاتر دابین نەکردنی پێداویستی پێویستە بۆی و هیواداریشم رێز لە ماندووبوونی راهێنەر و یاریزانان بگیرێت.

*** ئایا لە یانەیەك گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**

- تا ئێستا نەخێر.

*** بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك بەنیازی چیت؟**

- ئاواتەخوازم بڕوانامەیەکی بەرز بەدەست بهێنم لە بواری خوێندنەکەمدا و بەردەوام بم لە بواری وەرزش و هونەردا.

*** تا چەند لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

- هەرگیز لەگەڵ ئەوە نیم، چونکە لە نێو شارەکانی کوردستاندا چەندین کچ و لاوی بەتوانامان هەن کە ئەگەر گرنگییان پێ بدرێ، باشترین دەبن .

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- داواکارم لە لایەنی بەرپرسی وەرزشی کە گرنگییەکی زیاتر بدەن بەم وەرزشە و هەق بدرێ بە راهێنەران و پاشان یاریزانان لە رووی داراییەوە رێز لە ماندووبوونیان بگیرێت.

*** خەونی وەرزشیت وەکو یاریزانێك چییە؟**

- گەیشتن بە ئاستی لیونێل میسی و بوون بە یاریزانێکی جیهانی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان لە دەرەوە.

*** بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە؟**

- زۆر بە پەرۆشم ئەوە یەکێکە لە خەونەکانم کە بتوانم ببمە یاریزانی هەڵبژاردەی کوردستان.

*** لە هەڵبژاردەی تۆپی فوتساڵی عێراق داواکراوی؟**

- نەخێر، تاکو ئێستا بانگهێشت نەکراوم.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- یاریزانی فوتساڵی بەرازیلی فالکاو.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- هیوادارم زیاتر گرنگی بە وەرزشکاران بدەن و خزمەتی بەردەوامی یاریزانان بکرێت، زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان کە خزمەتی بەردەوام دەکەن لە بواری بەسەرکردنەوەی وەرزشوانان.



# بایرەن میونیخ جێگرەوەی یۆب هاینکسی دەستنیشان کرد

رۆژنامەی بیڵدی ئەڵمانی باشترین پاڵێوراوی یانەی بایرن میونیخ بۆ جێگرتنەوەی یۆب هاینکس ئاشکرا دەکات.

بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی بیڵدی ئەڵمانی، یانەی بایرن میونیخ تۆماس تۆخێلی راهێنەری پێشووی یانەی بروسیا دۆرتمۆندیان بۆ جێگرتنەوەی یۆب هاینکس دەستنیشان کردووە.

دوای دوورخستنەوەی کارلۆ ئەنشیلۆتی لە ماوەی رابردوودا، یانەی بایرن میونیخ گرێبەستی لەگەڵ یۆب هاینکس واژووکرد تا کۆتایی وەرزی ئەمساڵ دەبێتە راهێنەری یانەکە.

تۆماس تۆخێلی تەمەن ٤٤ ساڵ دوای دووركەوتنەوەی لە راهێنەرایەتی یانەی بورسیا دۆرتمۆند لە کۆتایی وەرزی رابردوودا تا ئێستا پۆستی راهێنەرایەتی هیچ یانەیەکی وەرنەگرتووە.



# کۆتینهۆ
## پاریس سانت جێرمانی دەکاتە قوربانی بەرشلۆنە

فیلیپ کۆتینهۆی بەرازیلی و یاریزانی یانەی لیڤەرپوڵ، لە پێناوی یانەی بەرشلۆنەدا یانەی پاریس سانت جێرمان رەتدەکاتەوە.

رۆژنامەی سپۆرتی ئیسپانی بڵاویکردووە لەچەند رۆژی رابردوودا یانەی پاریس سانت جێرمان مووچەیەکی خەیاڵییان خستووەتە بەردەم کۆتینهۆ تا پەیوەندی بە یانەکەیان بکات.

هەمان سەرچاوە بڵاویشیکردووە کۆتینهۆ داوای یانە پاریسییەکەی رەتکردووە و بە بەرێوەبەری کارەکانی راگەیاندووە جگە لە یانەی بەرشلۆنە لەگەڵ هیچ یانەیەکی دیکەدا گفتوگۆ نەکات.

یانەی بەرشلۆنە هاوینی رابردوو هەوڵی زۆریدا گرێبەست لەگەڵ کۆتینهۆدا بکات، بەڵام یانەی لیڤەرپوڵ رەتیکردەوە دەستبەرداری یاریزانەکەی ببێت، لە ئێستاشدا بەپێی چەند سەرچاوەیەک کۆتینهۆ لەگەڵ یانەکەی رێککەوتووە تاوەکو لە گواستنەوەی زستانەدا رێگەی رۆیشتنی پێبدەن.

سپۆرت لەکۆتایی هەواڵەکدا بڵاویکردووە یانەی بەرشلۆنە لەگەڵ هاوتاکانیان لە یانەی لیڤەرپوڵ لەسەر نرخی گواستنەوەی کۆتینهۆ لە گفتوگۆدان.



## یواکیم لۆف هەڵبژاردە پاڵێوراوەکان بۆ بەدەستهێنانی جامی جیهانی ٢٠١٨ دیاری دەکات

یواکیم لۆف راهێنەری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا ناوی پاڵێوراوانی بۆ بردنەوەی نازناوی جامی جیهانی ٢٠١٨ی روسیا ئاشکرا دەکات.

یواکیم لۆف پێشبینی ئەوە دەکات هەڵبژاردەی بەرازیل بەهێزترین رکابەری هەڵبژاردەکەیەتی بۆ دەستەبەرکردنی نازناوی مۆندیالی داهاتوو.

لۆف لە چەندین لێدوانیدا تەئکیدی لەوەکردووە، کە یاریزانانی هەڵبژاردەی بەرازیل بەتەواوی سارێژی برینی شکستە گەورەکەی مۆندیالی رابردوویان کردووە و بەهێزترین پاڵێوراوی بردنەوەی نازناوی مۆندیالی ٢٠١٨ن.

راهێنەرەکەی مانشافت هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی ئیسپانیا و فەرەنسا و ئینگلتەرا و ئەرژەنتینی بە پاڵێوراوی بەهێز ناوبردووە و رایگەیاندووە نازناوی مۆندیال لە نێوان ئەو هەڵبژاردانە و ئەڵمانیا و بەرازیلدا دەبێت.

لۆف دەڵێت: ئەرژەنتین هێڵی هێرشبردنی بروا پێنەکراوە، ئیسپانیا تا ئێستاش بەهێزە، بەرازیل هێزی بەدەستهێناوە، نابێت فەرەنسا و ئینگلتەراش لەیاد بکەین.

# ئاراز مستەفا مینای هەڵبژارد



دوای ئەوەی قەیرانێکی سەختی دارایی رووی لە هەرێمی کوردستان کرد کە بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەك لە یاریزانە بەتواناکانی کوردستان لەلایەن یانەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بکرێنە ئامانج بۆ ئەوەی لەم وەرزی خولی نایابی عێراقی سوود لە تواناکانیان ببینن، یەکێك لەم کورە یاریزانانە ئاراز مستەفایە کە ناسراوە بە ئاراز کەلاری و ئێستا بەفەرمی بۆ ماوەی دوو وەرز گرێبەستێکی لەگەڵ یانەیەکی باشووری عێراق مۆرکردووەو لەبارەی چوونیشی بۆ یانەی مینا، ئاراز مستەفا بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «چەند گرێبەستێکم بۆ هاتبوو لەلایەن یانەکان لە نێو هەموویانەوە یانەی مینا کە یانەیەکی بەتوانای عێراقییە بۆ ماوەی دوو وەرز بە فەرمی گرێبەستم لەگەڵیان کردووەو دەمەوێت لەگەڵ ئەو یانەیە هەرچی لەتوانام بێت پێشکەشی بکەم، تاکو ئێستاش کە لە شاری بەسرام، هیچ گرفتێکم بۆ دروست نەبووە و، یانەی مینا خاوەن هاندەرێکی زۆری وەرزشییە و دەمەوێت لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی داهاتوو هەرچی هەبێت بتوانم ئەنجامی شایستە لەگەڵ ئەو یانەیە پێشکەش بکەم و بتوانم ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنم.» گوتیشی: «یاریزانی کوردی تریشمان لەگەڵە بۆ من کارێکی باشە بە یەکەوە دەتوانین خزمەتی باش بە یانەی مینا بکەین.: لەبارەی گرێبەستی لەگەڵ پێشمەرگەی هەولێریش گوتی: «گرێبەستم لەگەڵ پێشمەرگەش هەیە و تەنیا بۆ خولی نایابی کوردستانە، بەڵام جارێك خولی کوردستان دیاری نەکراوە و چالاکییەکانیش وەستاون.



# سلێمانی و حەیدەر مەحموود رێککەوتن



دوای ئەوەی یەکێتی تۆپی پێی عێراقی بڕیاری زیادکردنی ژمارەی یانەکانی خولی نایابی ئەم وەرزەی عێراقی دەرکرد، یانەی سلێمانی وەکو یانەیەکی باشووری کوردستان چانسی گەڕانەوەی بۆ خولەکە پێدرا، لە ئێستاشدا کارگێڕی یانەکە کەوتۆتە خۆی بۆ ئەوەی تیپێکی تۆکمە دروست بکات بۆ دووبارە بەهێز بوونەوە لە خولی نایابی عێراقی و ببێتە ژمارەیەکی قورس لە خولەکە و ئاسان نەبێت بۆ سەرجەم تیپە بەشداربووەکان، کارگێڕی تیپەکە لە یەکەم کاری بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ حەیدەر مەحموود یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی عێراق و یانەی زەورا مۆرکرد بۆ ئەوەی سەرپەرشتی مەشقی یانەکە بکات لە خولی نایابی عێراقی، لە ئێستاشدا ئەو راهێنەرە کە خاوەنی چەندین بڕوانامەی نێودەوڵەتیی راهێنەرییە خەریکی کۆکردنەوەی ژمارەیەك یاریزانی بەتوانایە بۆ یانەی سلێمانی بۆ ئەوەی بە بەهێزی بچنە نێو کێبڕکێیەکانی خولەکە، کارگێڕی یانەی سلێمانیش بە فەرمی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی بە ئامادەبوونی سەرۆکی یانەکە راهێنەری تازەی یانەکەی بە دەزگا راگەیاندنەکان ناساند.

# یانەیەکی کوردی گەیشتە خولی نایابی سوید

یانەی داڵکوردی وڵاتی سوێد یەکێکە لە یانە کوردییەکان کە لە خولی پلەیەکی سویدی ناسراو بە سوپێرتتان یاری دەکات، ماوەی چەند وەرزێکە بە ئاست و ئەنجام توانیویەتی ئاستێکی بەرز لە خولەکە پێشکەش بکات، یانەکە بە لۆگۆی کوردستان و ئاڵای کوردستان و هاندەرێکی زۆری وەرزشی بەردەوام لە خولەکانی سویدی گەشاوەتەوە، هاندەرە کوردستانییەکانیش لە پشتگیریکردن لە تیپەکە بەردەوام بوون و یانەکەش بۆ یەکەمجار خۆی گەیاندە خولی پلە نایابی یانەکانی سویدی دوای ئەوەی لە گەڕی ٢٩ی خولی پلە یەکی سویدی لەسەر یاریگای دۆمنارڤسڤالنی تایبەت بە یانە کوردییەکە لە یانەی گایس گۆتێنبێرگی سوێدی بردەوە بە تاکە گۆلێکی یاریزان (راویژ لاوان) یارییەکەی بە سوودی خۆی کۆتایی پێهێنا، دوای سەرکەوتنی لە یارییەکەش هاندەرانی کوردی تاراوگە بە ئاڵای کوردستان و لۆگۆی یانەکەیان رژانە نێو یاریگا و خۆشی و شادیی خۆیان دەربڕی، ئەوەش بۆ یەکەمجارە کە یانەیەکی کوردستان بە ئاڵای کوردستان خۆی بگەیەنێتە ریزی یانە پلە نایابەکانی وڵاتێکی ئەورووپی، یانەکەش جیاواز لەوەی کە یانەیەکی کوردییە و کۆمەڵێك یاریزانی کوردی پارچەکانی کوردستانی لە خۆی کۆکردۆتەوە، بەردەوام بە ئاڵای کوردستان لە یاریگاکانی وڵاتی سوید بوونیان هەبووە، یانەکەش لە ئێستاوە پلانی بۆ خولی نایابی سویدی داناوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی قۆناخی داهاتوو کە خولی نایابە ئەویش ببڕێت و بتوانێ خۆی بگەیەنێتە ریزی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و لەوێش ئاڵای کوردستان لەو خولە گەورەی ئەوروپا بشەکێتەوە. جێگای ئاماژە پێکردنە ئەم یانەیە لە ساڵی ٢٠٠٤ لە وڵاتی سوید دامەزراوە.

